# له بواری گواستنەوە و گەیاندندا

# له بواری گواستنەوە و گەیاندندا

له ڕوانگەی گرینگیی بواری گواستنەوە و گەیاندن لە پەرەپێدانی وڵاتەکەمان و له سایەی هەوڵ و تەقەلای بێ وچانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نوێکردنەوە و پێشخستنی هۆیەکانی گەیاندن له شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا، ئەمڕۆ باری گەیاندن له هەرێم بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشەوە هەنگاوی ناوە و دەسکەوتی گرینگ لەم بوارەدا هاتووەتەدی.

بەهۆی گۆڕینی بگۆڕە کۆنەکان بە بگۆڕی نوێی دیجیتال و بەستنەوەی شارەکانی هەرێم بە ئامێری نوێ و له سایەی سوودوەرگرتن له تەکنەلۆجیا و سیستەمی مۆدێرن و بەکارهێنانی بەرفراوانی تۆڕی ئینتەرنێتەوە پەرەسەندنی بواری گەیاندن ڕۆژ له دوای ڕۆژ دیارتر و بەرچاوتر دەبێ و، بەشێوەیەکی ئەرێنی کار دەکاتە سەر بووژاندنەوە و بەرەوپێش بردنی هەموو بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە.

گۆڕینی بگۆڕەکانی هەولێر و دهۆک و سەلاحەدین و فراوانکردنی تۆڕەکانی تەلەفۆن و بەستنەوەی بەتۆڕی مایکرۆیڤ و بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایل و چەندین پرۆژەی تر گۆڕانکاریی بەرچاویان بەسەر سیستەمی گەیاندن له هەرێمدا هێناوە.

ئەمەی خوارەوەش گرینگترین کار و چالاکییەکانە له ماوەی ساڵی ۲۰۰۱دا:

**یەکەم- دانانی بگۆڕی نوێ و پێداویستییەکانی:**

١- گۆڕین و فراوانکردنی بگۆڕ و تۆڕەکانی هێڵی تەلەفۆنی پارێزگەکانی هەولێر- دهۆک- سەلاحەدین- عەنکاوە- شۆڕش- ئەندازیاران- نزار بە دوو قۆناغ کە ٢،٦١٨،٥٣٦ دۆلاری تێچووە.

٢- پرۆژەی گەیاندنی مایکرۆیڤ له پارێزگەی هەولێر- دهۆک: ٩٨،٠٨٠ دۆلار.

٣- دابینکردنی پێداویستییەکانی کردنەوەی بگۆڕی نوێ له پارێزگەی هەولێر: ٣٠،٠٠٠ دینار.

٤- دانانی بگۆڕی ٥٠٠ هێڵی جۆری دیجیتال له ئامێدی لەگەڵ تۆڕی کێبلات: ٤٢،٠٠٠ دۆلار.

٥- پرۆژەی دانانی بگۆڕی له زاخۆ بەشێوەیەکی بازرگانی: ٥٢٠،٠٠٠ دۆلار.

٦- کڕینی کارت بۆ بگۆڕی DX4 له دهۆک: ١٠٠٠ دۆلار.

٧- دانانی کارت بۆ بگۆڕی خەبات: ٣٠،٧٢٠ دینار.

٨- دانانی بگۆڕی ٥٠٠ ژمارەیی جۆری DX4 بۆ شارۆچکەی ڕەواندوز.

٩- دانانی بگۆڕی ٥٠٠ ژمارەیی جۆری DX4 بۆ شارۆچکەی مێرگەسوور.

١٠- دانانی بگۆڕی ٥٠٠ ژمارەیی جۆری DX4 له خەبات.

١١-دانانی بگۆڕی ٥٠٠ ژمارەیی جۆری DX4 بۆ شارۆچکەی باتووفە.

**دووەم- فراوانکردن و دروستکردنی تۆڕی کێبلات:**

١- کڕینی کێبلات و فراوانکردنی هێڵەکانی تۆڕی تەلەفۆناتی پارێزگەی هەولێر - دهۆک: ٩١،٠١٩ دۆلار.

٢- دانانی تۆڕی کێبلات و بگۆڕ لە فەرماندەیی لە شاری دهۆک: ٥٩٣.٩٨٠ دینار.

٣- پرۆژەی دانانی کێبلات لە گەڕەکی ڕاستی لە هەولێر: ٢١١.٣٨٠ دینار.

٤- دانانی تۆڕی کێبلاتی زەوینی لەگەڵ کردنەوەی چەند دابەشێک لە قوشتەپە: ٢٦٧.٥١٠ دینار.

٥- پرۆژەی تۆڕی کێبلاتی بەستۆرە: ٢٥٥.٠٤٠ دینار.

٦- گەیاندنی کێبڵی سەرەکی لە بینایەی کۆنەوە بۆ بینایەی نوێ لە شارۆچکەی خەلیفان: ٢٠.١٧٠ دینار.

٧- دانانی تۆڕی کێبلات لە بێتواتەی نوێ: ١٢٤.٦٠٠ دینار.

٨- دانانی تۆڕی کێبلاتی سەرزەوی بۆ بگۆڕی کەسنەزان: ٤٠.٧٨٠ دینار.

٩- گۆڕینی کێبلات لە گەڕەکی ڕزگاری: ١٤.٢٣٠ دینار.

١٠- چاککردنەوەی کێبلاتی شەقامی نەخۆشخانەی کۆماری: ١٢.١٨٠ دینار.

**سێیەم- کڕینی دەزگا و کەلوپەلی جۆراوجۆر:**

١- دانانی تاوەری بورجی گەیاندن لە مێرگەسوور: ٢٦.٠٠٠ دینار.

٢- دامەزراندنی دەزگای گەیاندن جۆری ئالکۆن لە نێوان کۆڕەک و گەڵاڵە: ٣٧.١٢٢ دینار.

٣- دانانی دەزگای Alcon لە نێوان کۆڕەک و ڕێزان: ٤٥.١٧٥ دینار.

٤- دانانی دەزگای گەیاندن جۆری Alcon لە نێوان قەلا و بنەسلاوە: ٢٥.٠٠٠ دینار.

٥- دانانی دەزگای Alcon لە نێوان چۆمان و کۆڕەک: ٣٩.٥٢٢ دینار.

٦- دانانی دەزگای Alcon لە نێوان ئەنجومەنی وەزیران و بابلۆ: ٩١.٠٩٠ دینار.

٧- چاککردنەوەی دەزگای گەیاندنی بابلۆ: ٣١.٤٠٠ دینار.

٨- کڕینی دەزگای کوردلیس بۆ بەستنەوەی بەردەڕەش: ٣٣.٦٢٥ دینار.

٩- چاککردنەوەی موەلیدەی بگۆڕی ئاکرێ: ٢٦.٤٣٠ دینار.

١٠- کڕینی کەلوپەلی جۆراوجۆر بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆستەی دهۆک: ٣١.٣٠٠ دینار.

١١- دروستکردنی جلوبەرگ بۆ چاودێرانی هێڵەکانی گواستنەوە لە هەولێر: ٣٨.٨٠٠ دینار.

١٢- کڕینی سندوقی پۆستە و کڕینی کارت بۆ پۆستە و گەیاندنی زاخۆ: ٧.٩٨٠ دۆلار.

**چوارەم- ئاواکردنەوەی باڵەخانەکان:**

١- ئاواکردنەوەی بینایەی بگۆڕی تازەی هەولێر: ٣٩١.٣٨٦ دینار.

٢- چاککردنەوەی بینایەی بگۆڕی عەنکاوە: ١٧.٢١٢ دینار.

٣- چاککردنەوەی بینایەی پۆستەی هەولێر: ١٩.٢٥٥ دینار.

٤- ئاواکردنەوەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن: ٢٣٢.٢٧٢ دینار.

٥- دروستکردنی شوورەی بینایەی ئاکرێ: ٤٨.٢٨٠ دینار.

٦- چاککردنەوەی بینایەی پۆستە و گەیاندنی زاخۆ ٨٣.٢٤٠ دینار.

٧- چاککردنەوەی بینایەی بگۆڕی دهۆک ٨٦.٦٨٠ دینار.

بەم جۆرە لە ساڵی ٢٠٠١ دا ٣.٣٧٨.٦١٥ دۆلار و ٢.٩١٦.٠٤٣ دینار لەسەر بودجەی حکوومەتی هەرێم بۆ بەرەوپێش بردنی بواری گەیاندن خەرج کراوە. جگە لەوانەش هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەرنامەی ٩٨٦ەوە چەندین پرۆژەی گرینگی تر بۆ پەرەپێدانی بواری گواستنەوە و گەیاندن و هێنانی ئامێر و تەکنەلۆجیای نوێ جێبەجێ بکرێن، کە بەئەنجامدانی ئەو پرۆژانە گۆڕانکاری بنەڕەتی لەم بوارەدا دێتە دی.